Research Center



# کێشمەکێشی عامری و خەزعەلی بۆ سەرۆکایەتیکردنی فەتح

27-11-2021


**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو


**کورتە :** لەوەتەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە 11 تشرینی یەکەم ڕاگەیەنراوە، هاوپەیمانی فەتحی گرووپەکانی حەشدی شەعبی، وەك دۆڕاو رەفتار دەکات، چونکە لە نێوان چوار ساڵدا پێگەی لەناو پەرلەمانی عێراق لە 48 کورسییەوە کە بەرەنجامی ملیۆنێك و 347 هەزار دەنگ بوو، بۆ دەورەبەری 17 کورسی دابەزی، ئەویش بە کەمتر لە نیوەی دەنگەکانی خولی پێشوویان.

یاسین تەها

لەوەتەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە 11 تشرینی یەکەم راگەیەنراوە، هاوپەیمانی فەتحی گروپەکانی حەشدی شەعبی، وەك دۆڕاو رەفتار دەکات، چونکە لە نێوان چوار ساڵدا پێگەی لەناو پەرلەمانی عێراق لە 48 کورسییەوە کە بەرەنجامی ملیۆنێك و 347 هەزار دەنگ بوو، بۆ دەوروبەری 17 کورسی دابەزی، ئەویش بە کەمتر لە نیوەی دەنگەکانی خولی پێشوویان. هەرچەندە لە کۆی 21 هاوپەیمانی بەشدار لە هەڵبژاردن دۆخی فەتح لەو حەوت هاوپەیمانییەی دیکە باشترە کە ئەنجامەکەیان سفر کورسییە و لەگەڵ حیزبە دۆڕاوەکانی دیکەدا دەگەنە 99 لایەن کە بەبێ هیچ کورسییەك هاتنە لە پرۆسەکە دەرەوە. هەڵبەت فەتح کە بە نزیکەیی نوێنەرایەتی دەوروبەری 160 هەزار چەکداری حەشد دەکات، هیوای وابوو دووەم هێزی هەڵبژاردن بێت بۆ ئەوەی بتوانن ژمارەیەکی گەورەی هاوکێشەی پێکهێنانی حکومەت و پێکهێنەرێکی سەرەکیی دەسەڵاتی یاسادانان بن.

لە هەردوو هەڵبژاردنەکە (2018 و 2021) هادی عامری سەرۆکی ڕێکخراوی بەدر، سەرۆکایەتی هاوپەیمانیی فەتحی کردووە کە لە 2018 بۆ یەکەمجار لەپاش شەڕی داعش بەو پێکهاتەیەوە چووە پەرلەمان، بەڵام لەپاش ئەو پاشەکشە گەورەیە و کەمبوونەوەی کورسییەکانی بەدر لە 22 کورسییەوە لە هەردوو هەڵبژاردنی 2014 و 2018 بۆ تەنها شەش کورسی لە 2021، تەمومژی زۆر لەسەر پێگەی هادی عامری دروست بووە، لەبری ئەویش لە هەندێك بۆنەی گرنگدا زیاتر قەیس خەزعەلی ئەمینداری گشتی عەسایب دەردەکەوێت. وەك پێشوازیکردنی لە جنین بلاسخارتی نوێنەری تایبەتی سەرۆکی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق لە ناوەڕاستی ئەم مانگە بۆ گفتوگۆ لەبارەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، ئەویش لە کاتێکدا خەزعەلی لەگەڵ "لیث" ی برایدا لە لیستی تیرۆری ئەمریکادان.

پاش دەرکەوتنی ئەنجامەکان و پەنابردنی چەکدار و هەوادارەکانی فەتح بۆ مانگرتن لەبەردەم ناوچەی سەوز، دەنگۆیەکی وەها بە نافەرمی بڵاوکرایەوە کە هادی عامری لە سەرۆکایەتی فەتح دووربخرێتەوە، بەڵام هەندێك لە پێکهێنەرەکانی فەتح ئەوەیان رەتکردەوە بەبێ ئەوەی روونکردنەوەی زیاتر لەسەر دەرکەوتن و جموجوڵە نمایشییەکانی خەزعەلی بدەن کە بەناوبانگترینیان هەڕەشەکانی بوو بۆ تۆڵەکردنەوە و دادگاییکردنی مستەفا کازمی لەپای کوژرانی دوو لە خۆپیشاندەرە ناڕازییەکان لە هەڵبژاردن لەبەردەم دەروازەکانی ناوچەی سەوز (5ی تشرینی دووەم).

ناوەندە پەرگیرەکانی حەشد پێیانوایە پاشەکشەی گەورەی حەشد لە هەڵبژاردن بەشی گەورەی لە ئەستۆی هادی عامرییە، هۆکاری ئەمەش دەگێڕنەوە بۆ پەیوەندی باشی عامری لەگەڵ سەدر لەلایەك کە نەیهێشتوە لە هەڵبژاردن وەك مالیکی بەرەنگاری رکابەرەکەیان ببنەوەو، لەلاکەیتر ئەوە عامری بوو کە رازی بووە بە دانانی مستەفا کازمی بەسەرۆکوەزیران، کە لەماوەی 15 مانگی بەر لەهەڵبژاردندا چەند جارێك گروپەکانی حەشدی بێزارکردووە. بەرامبەر بەم تۆمەتانەش عامری خۆی و میدیای رێکخراوەکەی، تەزویر و هاك و ئەجێندای کازمی بۆ بچوککردنەوەی حەشد بە هۆکاری ئەو پاشەکشەیە دەزانن. هەر لەم سۆنگەیەشەوە چەند سەرچاوەی جیا ئەوەیان لە عامرییەوە گواستووەتەوە کە ئەمجارە پێداگرە لەسەر ئەوەی ئەگەر بەسەرۆکوەزیرانێکی سەدرییش ڕازی بووە، ئەوا بۆ دانانەوەی کازمی بۆ خولێکیتری حکومەت مل نەدات.

راگر و قووڵایی ستراتیژی فەتح سوپای پاسدارانی ئێرانە، پێکهێنەرەکانیشی لەپاش باڵە چەکدارە راستەوخۆکانی ئێران، بڕواپێکراوترین عێراقییەکانە لای تاران، بەڵام لە نێوان کەسایەتی عامری و خەزعەلیدا هەندێك جیاوازی هەیە. عامری هەڵگری نازناوی "شێخی موجاهیدین" ـە و لە سەرەتای هەشتاکانەوە لەڕیزی فەیلەقی بەدر و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیدا لە ئێران کاری کردووە، بەڵام خەزعەلی گەنجێکە کە لەقۆزاخەی سوپای مەهدی هاتووەتە دەرەوە و پێشتر عێراقی بەجێنەهێشتووە. جگە لەوەش هێشتا خۆی بە خوێندکاری سەدری دووەم دەزانێت و بزوتنەوەکەشی "عەسایب"، لەسەر سکی رێکخستنەکانی موقتەدا سەدر گەشەی کردووە. لەڕووی تەمەن و پێگەشەوە نەوەی دووەمی هێزە شیعەکانی پاش بەدر و دەعوە و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامییە.

هادی عامری ـ 67 ساڵ ـ کە دەرچووی بەشی ئاماری زانکۆی بەغدایە، بەپیاوی کۆمەڵایەتی و رێککەوتن ناسراوە، تانەی ئەوەی لێدەدرێت لە جەماعەتی "ماچ ماچێنی سەرو ریشە"، بەڵام خەزعەلی ـ 47 ساڵ ـ کە ئەویش بەشی جیۆلۆجیای تەواوکردووە لە بەغدا، نایشارێتەوە کە "شروگییەکی رەسەنە"، لە کاتێکیشدا عامری ئەرکی بووە بە پاراستنی دەستکەوتەکانی بەدر لە وەزارەتی ناوخۆ و دەزگا ئەمنییەکانی دیکەی عێراق، خەزعەلی خەونی پەلکێشان و کۆپیکردنی نمونەی حەسەن نەسروڵڵای ئەمینداری گشتی حیزبوڵڵای لوبنانی لە عێراق هەیە. بەتایبەت پاش ئەوەی لە نێوان 2014 _ 2018 پێگەی عەسایبی لە تاقە کورسییەکی پەرلەمانەوە بۆ 15 کورسی بەرزکردەوە کە دەیکردە 30% دەنگەکانی فەتح، بەر لەوەی لە 2021 پاشەکشە بکات بۆ شەش کورسی و دووچاری کاردانەوە و بێهواییان بکات.

هادی عامری سەربازی مەیدانەو سەروەرییەکانی زیاتر خەباتی چەکداری و دەرکەوتنەکانییەتی لەبەرەکانی شەڕی دژی داعش، بەڵام خەزعەلی خۆی بە بانگخوازی بیری "موقاوەمە" دەزانێت، هەروەها مێژەری پیاوی شیعەی ئاینی لەسەرە و نازناوی "الشیخ" ی لەخۆی ناوە، زیاتر لە عامر خواستی پەڕگیری هەیە و لە کێشەی قووڵیشدایە لەگەڵ موقتەدا سەدر، بەوپێیەی لە ئەو جیابووەتەوە، هەر لەسەر حسابی ئەویش پرۆژە سیاسییەکەی خۆی پەرەپێداوە.

لەدەرەوەی دوالیزمی بەدر و عەسایب کە ئێستا لە پێکەوەهەڵکردنێکی ناچاریدان، دوو پێکهاتەیتر لە فەتحدان کە "السند" و "نصحح" ن، پێگەی ئەم دوو گروپەش ئەوە نییە کە ڕکابەری سەرۆکایەتی هاوپەیمانییەکە بکەن، بەڵام بەگوێرەی لێدوانەکانیان لەگەڵ مانەوەی سەرۆکایەتی هادی عامرییدان کە پێشینەی تەمەن و خەباتی هەیە.

بۆچوونێکی باو هەیە کە جموجوڵی ئەمدواییەی قەیس خەزعەلی، ئەگەر هادی عامریش لە سەرۆکایەتی فەتح دوورنەخاتەوە، ئەوا لە بەدیهێنانی هەندێك دەسکەوت شکستخواردووش نابێت. ڕەنگە ئامانجیش لێی بازاڕکردن بێت بۆ قەیس خەزعەلی وەك دەمڕاست و نوێنەری ئیسلامی رادیکاڵی شیعە لە عێراق، پاش ئەوەی کە نوێنەرێکی نێونەتەوەیی سەردانی کرد. لە دیمانەیەکی ئەلجەزیرەشدا کۆمەڵێك پەیامی لەبارەی ناوچەکە ئاراستەی رای گشتی عەرەبی کرد و چوار ساڵ بەر لە ئێستاش لەسەر سنوری ئیسرائیل و لەباشوری لوبنان دەرکەوت. سەبارەت بە عامرییش جگە لەسەرۆکایەتی فەتح، ئەگەرێك لەبەردەمیدا هەیە کە ناوی بخرێتەڕوو بۆ سەرۆکایەتیکردنی دەستەی حەشد بەتایبەت کە لەگەڵ سەدر نزیکایەتی هەیە، چونکە مانەوەی فالح فەیازیش لەو پێگە فەرمییە لە پاش ئەوەی خرایە لیستی پشتیوانانی تیرۆری ئەمەریکاوە، زیاتر وەك کێشە تەماشا دەکرێت.